# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 14 تەمموزی 2011


## لـــەم ژمارەیــــــەدا


ئەنجومەنی ئاسایش ماندێتی یونامی بۆ ساڵێکی دیکە درێژ دەکاتە.......................................................... 1

پرۆسەی سەرژمێری لە پێشەوەدایە لەو کاتەی عیراق یادی ڕۆژی جیهانیی دانیشتوان دەکاتەوە ......................... 2

مێلکەرت: پێداویستییەکانی گەنجانی عیراقی دابین بکەن .... 3

بەرەو دامەزراندنی دەستەیەکی تازەی مافی مرۆڤ لە عیراقدا .. 4

کۆمیساریای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی سەدان لێقەوماوی عیراقی سەر سنوورەکانی ئێران دەدات ....................................................... 5

عیراق داتابەیسی ئاوی ژێر زەوی رادەگەیەنێ بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی لە دابینکردنی ئاو بۆ وڵات ......... 6

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی: بەرەو عیراقێکی بێ نەخۆشی ڕیخۆڵە و جگەر بەهاتنی ساڵی ٢٠١٣............ 7

سیاسەتی زەویوزاری عیراقی لە سەکۆیکارێکدا ............ 7

لێکۆڵینەوە بۆ مەزەندەکردنی تەشەنەکردنی نەخۆشی سیل لە عیراق ........................................................... 8

حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی (فاو) کار بۆ باشکردنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەن .................................. 8

کورتە هەواڵ ............................................... 9

یستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ............................................... 9

وتاری وێنەیی : نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاردا ......... 10


## ئەنجومەنی ئاسایش ماندێتی یونامی بۆ ساڵێکی دیکە درێژدەکاتەوە



سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت پێشوازی لێکرا لەلایەن یەکەی پاسەوانانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە نووسینگەی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق UNAMI لە بەغدا. ( وێنە: ریك باجۆرناس/ڕاگەیاندنی یونامی)

لە بڕیاری ژمارە ٢٠٠١ کە لە ٢٨ی تەمموزی ٢٠١١ بە کۆی دەنگ پەسندکرا، ئەنجومەنی ئاسایش ماندێتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی)ی بۆ ساڵێکی دیکە درێژکردەوە و پێشوازی لە باری ئاسایشی ئێستا لە وڵات کرد و جەختی کردە سەر پێویستیی پێشکەوتنی زیاتر لە لایەنی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ و بواری سیاسیدا.

ئەم بڕیارە ئاماژەیدا کەوا باری ئاسایشی عیراق باشتر بووە ”لە ڕێگەی هەماهەنگیی هەوڵەکانی بوارەکانی ئاسایش و سیاسەت ” و جەختی لەوە کرد کەوا پێشکەوتنی زیاتر لە ڕێگەی دیالۆگی سیاسیی گرنگ دەکرێت.

ئەندامانی ئەنجومەنەکە هانی حکومەتیان دا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە پشتگیری مافەکانی مرۆڤ وەك لە ڕێگەی پشتگیریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مروڤ لە وڵات و لە ڕێگەی دانانی ستراتیژییەکان بۆ دڵنیابوون لە توانای ئافرەتان لە هەبوونی ڕۆڵێکی زۆر بەرزتر لە بڕیاردان لە کۆمەڵگا.

هەروها ئەندامەکان داوایان لە حکومەتی عیراق کرد بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی لەگەڵ حکومەتی کوەیتی و جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتە نێودەوڵەتییە هەڵپەسێردراوەکانی خۆی.

بڕیارەکە گونجاوە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بان کی موون سەبارەت بە کاری یونامی. ڕاپۆرتەکە پوختەی پەرەسەندنە سیاسییە سەرەکییەکان و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکانیش دەربارەی عیراق لە ٣١ی ئازاری ٢٠١١ ەوە، کە دوایین ڕاپۆرتەکەی خۆی ئامادەکردبوو، دەخاتەڕوو.

سکرتێری گشتی بان کی موون لەم ڕاپۆرتەدا نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە تێپەڕینی نزیکەی حەفت مانگ بەسەر پەسەندکردنی حکومەتی ئێستا لە پەرلەمان و ١٦ مانگیش بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عیراق و تائێستا کێشە هەڵپەسێردراوەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی حکومەت هەر ماون، بەتایبەتی کێشەی

> ئێستا کاتی هاتووە تێڕوانین و سیاسەت و ستراتیژەکان و پلانی کاری عیراق بۆ لاوان پەرەیان پێبدرێ لەسەر بنەمای بەشداریی نوێنەرایەتی و ڕابەرایەتیی لاوان
>
> **نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت**

دامەزراندن بۆ پۆستە سەرەکییەکانی ئاسایش. بان کی موون وتی"من داوا لە سەرکردە سیاسییەکانی عیراق دەکەم واز لە ناکۆکییەکانیان بێنن و کاری بەپەلە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی کۆك بن لەسەربەرەو پێشچوون."

وەك بیرخستنەوەیەك کەوا ئاستەنگە گەورەکان هێشتا پێویستە چارەسەربکرێن بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی ماف و ئازادییە بنچینەییەکان لە عیراق، بان کی موون پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ ئامادەباشییە بەردەوامەکان بۆ پێکهێنانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ.

هەروەها راپۆرتەکە ئاماژەیدا کەوا هەرچەندە دۆخی کەرکوك و ناوچە ناوخۆییە ناکۆکی لەسەرەکان هێشتا مایەی ناکۆکین، بان کی موون گەشبینە بە هەوڵەکانی ئەم دواییەی هاوبەشە سەرەکییەکان بۆ دۆزینەوەی پنچینەی هاوبەش.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە ١٩ی تەمموز ئەندامانی ئەنجومەنەکەی لە باری عیراق ئاگادارکردەوە و باسی لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عیراق کرد سەبارەت بە کێشە مرۆیی و سیاسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و ئاماژەی بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان عیراق و کوەیت کرد.

مێلکەرت لە وتارەکەی خۆیدا کە تیشکی خستە سەر دەسکەوتە مەزنەکان و ئاستەنگەکانی ئاییندە و وتی "عیراق لە هەندێ لایەنی گرنگەوە لە ناوەڕاستی گۆڕانکارییە بنچینەییەکانی ناوچەکەدایە و، سیستەمی حکومەتی عیراق دەستووری و دابەشکردنی دەسەڵاتە و، دەستەبەری بەشداریی ئافرەتان و کەمینەکان دەکات و پەرەپێدانی کلتووری گفتوگۆی دەستووریی بەردەوام لە خۆ دەگرێت."

مێلکەرت وتیشی "هەڵبژاردنی رێکوپێك بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدراون. پێکهێنانی حکومەت، ئەگەرچی زۆر درێژەی کێشا، بەڵام بەڕاستی پێشکەوت. لەهەمان کاتدا، پەرلەمان رۆڵێکی یەکجار گرنگ و روولەزیادی دەگێڕێت لە پرۆسەی بڕیاردان. دوور لە دەیان ساڵ لە رژێمی دیکتاتۆری، دانوستانی نێوان هەموو پارتەکان بووە بە سیمای زاڵی ژیانی سیاسی."

مێلکەرت هەروەها ئاماژەیدا "ئەگەرچی زۆر ئاستەنگ ماون بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و بنچینەییەکانی دیمۆکراسی لەناو مێشك و هەڵسەکەوتی هەموو هاوبەشەکان، بەڵام ئەستەمە گۆڕانکارییەکە هەڵبگەڕێتەوە."

مێلکەرت روونی کردەوە کەوا " نرخی گۆڕانکاری زۆر وەستاوە و هێشتا بە شێوەی رۆژانە لە ژمارەی قوربانییەکان و قەبارەی زیانەکانەوە دیارە هەرچەندە هەشت ساڵ بەسەر دەستپێکردنیدا تێپەڕیون. پەرەسەندنەکانی ناوچەکە نیشان دەدەن کەوا گۆڕان پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوەوە سەرهەڵبدات و لە ئاکامیشدا هەر وا دەبێت."

مێلکەرت لە کۆتاییدا وتی "تا ئاییندەیەکی پێشبینیکراو، نەتەوەیەکگرتووەکان لەم پێناوەدا هەر بە هاوبەشێکی باوەڕپێکراو دەمێنێتەوە."

## رۆژی جیهانیی دانیشتوان

# پرۆسەی سەرژمێری لە پێشەوەدایە لەو کاتەی عیراق یادی رۆژی جیهانیی دانیشتوان دەکاتەوە



بەبۆنەی یادکردنەوەی رۆژی دانیشتوانی جیهانی لە بەغدای پایتەختی عیراق لە ١١ی تەموزی ٢٠١١، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت راپۆرتی ٢٠١٠ ی کۆمسیۆنی نیشتیمانیی دانیشتوانی عیراقی سەبارەت بە دۆخی دانیشتوانان لە وڵات وەرگرت ( وێنە: سەرمەد ئەلسافی/راگەیاندنی یونامی)

لە ١١ی تەممووزی ٢٠١١ عیراق لەگەڵ سەرتاپای جیهان بەشداریی لە لە یادکردنەوەی رۆژی جیهانیی دانیشتوان کرد بە دەرکردنی راپۆرتێکی کۆمسیۆنی نیشتیمانیی دانیشتوانی عیراقی. ئەم بۆنەیە، لە عیراق لە شارەکانی بەغدا و هەولێر یادی کرایەوە.

یادی ئەم ساڵە بە رووداوێکی گەورە دادەنرێت بەخۆی ئەوەی پێشبینی دەکرێت دانیشتوانی جیهان بەم زووانە بگەنە ٧ ملیار کەس. ئەگەرچی برسێتی و نایەکسانی و فشاری زۆر بۆ سەرچاوەکان لە ئاستەنگە مەزنەکانن ، بەڵام جیهان لە جاران زیاترە بەیەکەوە بەستراوە و بەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی ئەگەری مەزن.

راپۆرتەکە بە ناوی "باری دانیشتوان لە عیراق ساڵی ٢٠١٠"ـە و وێنەیەکی سەرەتاییی باری دیموگرافی لە عیراق پیشان دەدات رێخۆشکەرە بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگری بابەتییانە کە بنچینەیەکی باوەڕپێکراو و زانستییانە و شیکاری و بەدەسەڵاتی هەبێت سەبارەت

بە قەبارە و پێكهاتە و دابەشبوونی دانیشتوان، بەمەش راپۆرتەكە زانینی پەیوەندییە بەیەكداچووەكانی كێشە دیموگرافییەكان زیاد دەكات.

سەرۆك وەزیرانی عیراق نوری مالیكی و نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ عیراق ئاد مێلكەرت و وەزیری پلاندانانی عیراقی عەلی شوكری لە بەغدا سەبارەت بەم بابەتە بۆ گەورە بەرپرسانی حكومی و نوێنەرانی ئاژانسەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوان بە تایبەتی بۆ تیشكخستنە سەر پێویستبوونی سیاسەتێكی تایبەت بە پرسی دانیشتوان و گرنگیی تەواوكردنی برۆسەی سەرژمێری و بابەتەكانی تواناسازیی ئافرەتان، و تەندروستی منداڵبوون و پێداویستییەكانی لاوان و هەرزەكاران.

لەو وتارەی كە ئاراستەی گروپەكەی كرد، مێلكەرت وتی" ئەمە بۆنەیەكی خۆشە بۆ تیشكخستنە سەر ئەم قۆناغە نوێیەی عیراق دوای چەندین ساڵی پڕ ئازار و وێرانكاری... ئەمە قۆناغی ژماردنی ئەو خەڵكەیە كە عیراق پێكدێنن: ژماردنی خەڵكەكەیە و ژماردنی ئارەزوو و خواستەكانیشە. بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەكان وەكو پێویست بگەیەنرێنە خەڵكەكە ، هیچ یەكێكیان بێ ئەوی تر نابێت." هەروەها وتیشی كە ژمارەی دانیشتوانی وڵات لە ساڵی ٢٠٠٧دا ٢٩،٦ ملیۆن كەس بوو و ئەم ژمارەیەش جێی گومان بوو ئایا ژمارەكە بۆ سەرتاسەری وڵات هەڵهێنجرابوو یاخود لە هەرێمەكانەوە بەدستكەوتبوو.

مێلكەرت باسی بابەتێكی دیكە كرد ئەویش گرنگیی كەمكردنەوەی رێژەی هەژاری و نایەكسانی جێندەرییە و ئاماژەیدا كە ئەم دوو بابەتە بە شێوەیەكی نەگۆڕ بە گەشەی دانیشتوان بەستراونەتە و وتی"ئەگەر ئەم دوو بابەتە بەشێوەیەكی گونجاو چارەسەركران ئەوا دەبنە هۆی بەهێزكردن و بەشداریكردنی ئافرەتان و كچان وەك هۆكاری گۆڕان و دواتر لە ئەنجامی ئەوەوە دەبنە هۆی خێراكردنی گەشەی مرۆیی و كۆمەڵایەتی و ئابووری."

هەمان ئاهەنگی یادكردنەوە هاوكات لە هەولێر لەلایەن وەزیری پلاندانانی هەرێمی كوردستان عەلی سندی بەڕێوەچوو.

رێكخراوی سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان (UNFPA) بە هاوكاریی نێردەی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (UNAMI) لە ساڵی ٢٠٠٥ وە لە عیراق كاردەكات و لە سێ ساڵی رابردوودا بودجەیەكی ٧ ملیۆن دۆلاریی خەرجكردووە بۆ دابینكردنی یارمەتیی تەكنیكی بۆ رێكخراوی ئاماری ناوەندیی عیراقی بۆ هاوكاریكردنیان لە ئەنجامدانی سەرژمێری لە سەرتاسەری وڵاتدا.

ئامانجی پرۆسەی سەرژمێری دابینكردنی زانیارییە بۆ حكومەت بۆ یارمەتیدانی سەركردەكان و سیاسەتمەداران لە بڕیاردانی پشتبەستوو بو زانیاری لەسەر پێداویستییەكانی باری ئێستا بۆ كەمكردنەوەی رێژەی هەژاری و برسێتی و هاندانی فێركردن و چارەسەركردنی كێشە تەندروستییەكان و یەكسانیی جێندەری و وەڵامدانەوەی كاریگەرانەی تەنگژە مرۆییەكان.

راپۆرتی گەنجان

## مێلكەرت: پێداویستییەكانی گەنجانی عیراقی دابین بكەن



خوێندكارە لاوە عیراقییەكان لە گوندی هەڵشۆی پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی كوردستانی عیراق وچانێك وەردەگرن لە میانەی خولێكی هۆشیاركردنەوەی مەترسییەكانی مین كە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كاری مینەوە لەسەری ئەركی دارایی یونیسێف ئەنجامدراوە . وێنە: بیكەم ئەكبەرزادە/راگەیاندنی یونامی

نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ عیراق ئاد مێلكەرت وتی" “ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە تێڕوانین و سیاسەت و ستراتیژ و پلانی كاری دامەزراو لەسەر بەشداربوونی نوێنەرایەتی و سەركردایەتیی گەنجان و بۆ گەنجان، كە پێش بخەین“.

مێلكەرت وتارەكەی لە كۆنفرانسێك لە ١٦ی تەموز لە بەغداد پێشكەش كرد بەبۆنەی دەسپێكی راگەیاندنی راپۆرتی شیكاریی دۆخی گەنجانی عیراق بە ئامادەبوونی ٣٠٠ بەشداربوو، كە ٢٠٠یان نوێنەری گەنجان بوون. راپۆرتەكە پێویستی و كارلەپێشەكانی گەنجان لە بوراەكانی پەروەردە و هەلی كار و تەندروستی و گەیشتن بە راگەیاندن و تكنۆلۆژیا و وەرزش و ئاسایش و بەشداربوون لە سیاسەت و كۆمەڵگەی مەدەنی و هەژاری شی دەكاتەوە.

مێلكەرت ئاماژەیدا كە ژمارەیەك نیشاندەری پێشكەوتنی گەنجان مایەی نیگەرانین. رێژەی بەشداربوون لەخوێندنی ناوەندی ٢١٪ و رێژەی نەخوێندەواری و بێكاریی گەنجانیش ئاستێكی بەرزدایە و لە گەنجانی تەمەن ١٥-٢٩ساڵ لە

٥٧٪ تێپەڕ دەکات. لەلایەکی ترەوە، ئامارەکانی زووشووکردن زۆر بەرزە و لە کچانی تەمەن ١٦-١٨ دەگاتە ٤٢.٨٪ کە ئەمەش مەترسی مردنی کۆرپە و نەخۆشی دایکانەی لێدەکرێت.

مێلکەرت بانگەوازی بڕیاربەدەستانی عیراقی کرد بۆ "گوێگرتن لە پێویستییەکانی گەنجان و وەڵامدانەوەی داوا ڕەواکان و پێشبینییەکانیان" وزنجیرەیەك ڕاسپاردەشی دیاریکرد.

ڕاسپاردەکان بریتین لە دانانی ئامانجی سیاسەت و کاتبەندی کە دەبنە مایەی گەشەپێدانی چەمکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان و دامەزراندنی نوێنەری فراوانی (پلاتفۆڕمی دایەلۆگی گەنجان) بە بەشداریی گەنجانی تەمەن ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ حکومەت و هەروەها دەستکردن بە بەرنامەی (کار بۆ گەنجان) کە ئەمەش مانگانە ژمارەی گەنجە کارپێدراوەکان زیاد دەکات لەگەڵ زیادکردنی هەلی کار و ڕاهێنان و خۆبەکاربردن (ئیش بۆخۆدۆزینەوە).

هەردوو زانکۆی ئەلرافیدەین و بەغداد بەهاوکاریی وەزارەتی پلاندانان و سندوقی دانیشتوانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA) ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکردبوو.

**مافەکانی مرۆڤ**

# بەرەو دامەزراندنی دەستەیەکی تازەی مافی مرۆڤ لە عیراقدا

عیراق/(UNDP) نوسینی: ڕێکخراوی



لە میانەی سەکۆیکارێك کە لە ١-٦ی تەمموزی ٢٠١١ لە بەیرووتی پایتەختی لەبنان سازکرا، بەشداربووان گفتوگۆ لەسەر پێوەری هەڵبژاردن بۆ کۆمیساران دەکەن. (وێنە: UNDP)

دەستەیەکی نیشتمانیی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەك دەزگایەکی سەرەکی بۆ بەرەوپێشبردنی فەرمانڕەواییکردنی واڵا و دیموکرات خزمەت دەکات بە لەئەستۆگرتنی گەشەپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وەك چۆن پابەندییە جیهانییەکانی دەوڵەت سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ داوای دەکات. حکومەتی عیراق خەریکی دامەزراندنی ئەم جۆرە دەزگایە سەربەخۆیەیە بۆ ئەوەی وەك (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ) بناسرێت.

پەرلەمانی عیراق بەپشتبەستن بە یاسای (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ) ی ژمارە ٥٣(لیژنەی شارەزایان)ی لە ساڵی ٢٠٠٩ پێکهێنا . ئەم لیژنەیە داوای گەشەپێدان و جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنێکی واڵا و کراوەی لێکراوە بۆ دامەزراندنی ئەندامانی (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ) و یارمەتیدانی حکومەت لە دەرکردنی ئەو ڕێککارانەی کە دەور و ئەرك و کارکردنی ئەو (کۆمیسیۆن)ە ڕوون دەکەنەوە دوای دامەزراندنی.

کاری ئەم (لیژنە)یە لە ئەنجامی درێژەکێشانی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ ڕاگیرا. بەهەر حاڵ، لە ٣ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی عیراق کاری ئەم لیژنەیەی پەسند کرد و دواییش لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا دەستی بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی کرد.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش، کە (نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە یونامی ) و ڕێکخراوی (UNDP) نوێنەرایەتیی دەکەن، بە پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکیی ڕاوێژکاری و گەشەپێدانی دامودەزگایی و توانا سازی بۆ (سکرتاریەت ) و لیژنەی شارەزایان پشتگیری حکومەتی عیراق دەکات بۆ دامەزراندنی ئەم دەستە گرنگەی مافی مرۆڤ و بۆ پشتگیریکردنی دروستکردنی چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەکە.

لە ١ تا ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ش، (نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی ) و ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق سەکۆیکارێکیان بۆ ٢٠ ئەندامی لیژنەی شارەزایان و (سکرتاریەت) ڕێکخست بۆ گەڕان بەشوێن باشترین جێبەجێکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەکە و دامەزراندنی کۆمیسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤدا. ئەم سەکۆیکارە یەکەم کۆبوونەوە بوو کە لیژنەی شارەزایان و (سکرتاریەت) بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

لەم سەکۆیکارەدا بەڕێز گرێگ هەسۆمی شارەزا لە بواری مافەکانی مرۆڤ، کە لە (سەکۆی ئاسیای هێمن)ەوە هاتبوو، ژمارەیەك دۆخەلێکۆڵینەوەی پێشکەش کرد سەبارەت بە دامەزراندنی سەرکەوتووانەی کۆمیسیۆنەکان . بەشداربووانیش ڕێوشوێنە ئیدارییەکان و شێوازەکانی یەکئەندازەکردنی کاری (ESC) و (سکرتاریەت)یان تاوتوێ کرد.

هەروەها، چەندان جۆر شێوازیشیان تاوتوێ کرد سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەکە کە لەگەڵ باشترین پێوەرە جیهانییەکان یەکبگرنەوە و

هەرچەندیش بکرێت کراوە و واڵا بن.

لەلایەکی ترەوە، سەکۆیکارەکە بووە مایەی دروستکردنی سەکۆیەك بۆ (سکرتاریەت) و (لێژنەی شارەزایان) بۆ تاوتوێکردن و خستنەرووی میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەکە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی پشتگیریی تەکنیکی و هەڵسوڕاندن بۆ یارمەتیدانی کاری (لێژنەی شارەزایان).

بەجەختکردنەوەی لەسەر گرنگیی یارمەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم قۆناغەدا، د. سالم ئەلجبوری سەرۆکی لێژنەی شارەزایان وتی" پشتگیریی (نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی ) و رێکخراوی (UNDP)ی عیراق لەم سەکۆیکارە بووە مایەی رەخساندنی دەرفەتێك بۆ بەشداربووان بۆ ئەوەی بتوانن بەراورد لە نێوان ئەزموونی عیراق و باشترین جێبەجێکردنەکان و ئەزموونە هەرێمییەکانی تردا بکەن و (لێژنە)کەش ئەم جێبەجێکردنانە لە دەرکردنی دوا راسپاردەکانی بەهەند وەردەگرێت". ئەو داکۆکیی لە پشتگیریی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد دوای دامەزراندنی ئەندامانی کۆمسیۆنەکە و پێکهێنانی (کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ).

تائێستا بەخۆشحاڵییەوە (سکرتاریەت) بۆ دامەزراندنی ١١ ئەندام ٣٠٨٥ فۆرمی داواکردنی وەرگرتووە سەکۆیەکەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی کاریگەر و واڵا و کراوە و بەدەوری خۆیەوە یارمەتیی دامەزراندنی دەزگایەکی مافی مرۆڤی عیراقی دەدات کە پێوەرە جیهانییەکان جێبەجێ بکات.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندنی بکەن بە ناهید حوسێن بەڕێوەبەری پرۆژە لە رێکخراوی (UNDP)ی عیراق بە ئیمێلی nahid.hus-sein@undp.org

**هاوکاری مرۆیی**

## کۆمیسارایای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان  یارمەتی سەدان لێقەوماوی عیراقی سەر سنوورەکانی ئێران دەدات

نووسینی : هێلێنیَ کۆکس / کۆمیسارایای باڵای پەناهندەکان/عیراق



منداڵە ئاوارەکانی عیراق لە گوندی گۆجاری نزیك سنووری عیراق و ئێران.( وێنە: هێڵین کۆکس/ UNHCR/٢٠١١)

خەڵکی ئاوارەبوو و دەسەڵاتی ناوخۆیی ئاگاداری ئاژانسی پەناهندەی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)یان کردەوە کە تۆپباران لەسەر سنووری عیراق-ئێران چەند ساڵێکە درێژەی هەیە. موحەممەد ئاوارەبوویەکی خەڵکی شارۆچکەی قەڵادزێی پارێزگای سلێمانیی هەرێمی کوردستانی عیراقە و لەگەڵ خێزانەکە چەند کیلۆمەترێك دوورتر لە گوندەکەی خۆیان لە گۆجاڕ گیرساوەتەوە و لە ٥ ساڵی رایردووشدا بەلای کەمەوە ٧ جار تووشی ئاواربوون بووە. لەمبارەوە موحەممەد وتی "ئەمە هەموو ساڵێك و لەهەمان وەرزدا دووبارە دەبێتەوە". ئەو وێڕای نیگەرانبوونی لەوەی کە ناتوانێت بۆ گوندەکەی بگەڕێتەوە و بەروبۆمی کێڵگەکانی بدورێتەوە و ٣٠ بزنەکەی بەخێو بکات وتی "جیاوازی تۆپبارانەکەی ئەمجارە ئەوەیە کە دەگاتە گوندەکەمان چونکە پێشتر تەنها هەر لەدەوروبەرمان بوو".

ژیانی زۆربەی ئاوارەکان لەسەر کێڵان و بەروبۆمی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم خەڵکەن. هەندێکیان بە هۆی تۆپبارانەوە مێوە و مێش هەنگەکانیانیشیان لەدەستداوە. موحەممەد جارێکی تریش لەمبارەوە دەڵێت "ئێمە هەرگیز نامانەوێت پشت بە خەڵکی تر ببەستین بەڵام چ بکەین ئێستا هیچ رێگەیەکی ترمان نییە چونکە لەم بارودۆخە هەرگیز ناتوانین بە شێوەیەکی هەمیشەیی بۆ گوندەکانمان بگەڕێینەوە".

لەلایەکی تریشەوە، هەندێکیان خەمی خوێندنی منداڵاکانیانە لە کاتی دەستپێکردنەوەی قوتابخانە لەمانگی ئەیلولدا. لەمبارەوە ئەڤینی ٢٨ ساڵە دەڵێت "ئێمە ئارامیمان بۆ منداڵەکانمان دەوێت و بەڕاستیش لە تۆپباران بێزاربووین".

رەسوڵی تەمەن ٥٦ ساڵە وتی کە ئەو لە گوندی سونێ (نزیك گۆجاڕ) سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد کە مووشەکەکە لە ژوورەکەی تەنیشتی دا. ئەو کە وێرانکاری و پارچەکانی نیشانی کۆمیسارایای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان دەدا وتی " هەرچاك بوو کەس بەرنەکەوت. نەوەکانم لە هەمانکاتدا لە ژوورێکی تر یارییان دەکرد".

لە گوندی سونێ چەندان خانوو بەهۆی تۆپبارانەوە وێران بوون و چەندان مەدەنیش لەسەر سنوور بە هۆی تۆپی ئێران یان کۆژراوون یانیش بریندار بوون.

حکومەتی عیراق و کۆمیسارایای باڵای پەناهندەکانی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە هاوبەشکارەکان یارمەتی پێشکەش بە سەدان خەڵکی مەدەنی دەکەن کە بەم دواییە و لە ئەنجامی هێرشەکان ئاوارە بوون.

لە نیوەی تەموزەوە لانی کەم ٨٤٥ مەدەنی، کە زۆربەیان ژن و منداڵن، لە ١٧٥ خێزان ماڵوحاڵی خۆیان لەسەر سنوورەکان جێ هێشتووە کە هەندێکیان لە دوو خێوەتگەی شاخی گۆجاڕی پارێزگای سلێمانی عیراق گیرساونەتەوە.

کۆمیسارایای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان چادر و دۆشەگی پلاستیکیی بەسەر ئەم خەڵکە دابەش کردووە و رێکخراوە مرۆییەکانی تریش خواردن و حەسیر و مەکینەی ئاوپاڵاوتن و زۆپا و

کەرەسەی چێشتلێنانیان دابەش کردووە. هەروەها (یونیسێف)یش سەرقاڵی دابینکردنی ئاودەستی کاتی و شوێنی خۆشۆردنە.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی راپۆرتی دەسەڵاتی ناوخۆییش، ١٠٠ خێزان لە گوندەکانی ژاراوەی سەرسنوور لە دوای تۆپبارانی تەممووزەوە ماڵوحاڵی خۆیان جێهێشتووە و لە پردی هۆسۆ گیرساونەتەوە. لە ٢٧ی تەموز کۆمیساریای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان چادر و دۆشەکی پلاستیکی بەسەر ئەمانەدا دابەش کرد و ئاژانسە فریاگوزارییەکانی تریش خۆراك و کەرەسەی فریاگوزاریی تریان دابەش کرد.

لەمبارەوە، کامەران عەلی بەرپرسی مەیدانیی کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە گۆجاڕ سەرپەرشتی دابەشکردنی چادر دەکات، وتی "پلەی گەرمی پێشتریش لە ٤٧ی سەدی دا بووە و لە مانگی ئابیشدا پێشبینی بەرزبوونەوەی زیاتری لێدەکرێت. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکە هەوڵ دەدەین دڵنیابین لەوەی کە ئەم خەڵکە لە تیشکی خۆر و گەرما بپارێزین لەگەڵ دابینکردنی ئاوی خاوێنیش بۆیان".

دەسەڵاتی ناوچەکەوە لە قەڵادزێی نزیکەوە رۆژانە بە تەنکەر ئاویان بۆ دابین دەکات و لە کاتی پێویستیشدا ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن (ئامبولانس) و تیمی پزیشکییان بۆ دەنێرێت.

ئەمە تاکە شوێن نییە کە کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری تێدا بکات و بەڵکو لای لە چەندان شوێنی سنووری تریش کردووەتەوە. بەگوێرەی هەواڵەکانیش، سەدان خێزان لە شارەکانی حاجی ئومەران و چۆمان (پارێزگای هەولێر) ئاوارە بوون و زۆریان لە ماڵی خزمان یان لای خەڵکی تری خانەخوێ گیرساونەتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە : هێلێنێ کۆکس بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکان / کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکان/عیراق بە ئیمێلی caux@unhcr.org

## گەشەپێدان

# عیراق داتابەیسی ئاوی ژێر زەوی رادەگەیەنێ بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی لە دابینکردنی ئاو بۆ وڵات

نووسینی: کارۆلین فیشەر و کریستوفەر مارۆشیگیی، یۆنسکۆ لە عیراق



نوێنەرانی حکومەت و کەسانی ئەکادیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەستپێکی یەکەم داتابێسی ئاوی ژێر زەویی عیراق لە ٣ی تەممووزی ٢٠١١
( وێنە: سەرمەد ئەلسافی/راگەیاندنی یونامی)

حکومەتی عیراق لە ٣ی تەمموز پابەندبوونی خۆی بە چارەسەرکردنی کێشەی بەردەوامی ئاو دووپاتکردەوە بە تەواوکردنی یەکەم قۆناغی دەستپێشخەریی نیشتیمانی بۆ لەسەر نەخشە دیارکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەویی وڵات.

نوێنەرانی حکومەت و ئەکادیمیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم دوایییەدا لەسەر ئاستێکی بەرز لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ بناغەدانانی یەکەم داتابەیسی ناوەندیی ئاوی ژێر زەویی وڵات و داواکردنی جێبەجێکردنی دووەم قۆناغی دەستپێشخەریی فرە ملیۆن دۆلاریی بە رابەرایەتیی رێکخراوی یۆنسکۆ (UNESCO).

هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وشکەساڵی و کێشە ئاڵۆزەکانی تری ئاو لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆسپیان کەوتە بەر بەهۆی نەبوونی زانیاریی بڕواپێکراو و نوێ سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی. ئەگەرچی تێگەیشتنی تەواو لەسەر رەوتی ئاو لە رووبارەکانی دیجلە و فورات (سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لە وڵات) هەیە، بەڵام زانیارییەکانی ئێستای سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی لە عیراق بە ناتەواو و کۆن و پەرشوبڵاو دادەنرێن بۆ دابین کردنی بناغەیەك بۆ پلاندانانی ستراتیژیی ئاو.

یۆنسکۆ لە عیراق لە ساڵی ٢٠١٠ دەستپێشخەرییەکی سەرتاسەری وڵات پێشکەشکرد بۆ ئاوێتەکردنی داتای ئاوی ژێر زەویی وڵات لە داتابەیسێکی مەرکەزی و یارمەتیدانی حکومەت بۆ ئاگاداربوون لە پاشەکەوتی ئاوی ژێر زەوی. راگەیاندنی ئەنجامەکانی یەکەم قۆناغ کەوتە کاتی ئەو کۆنفرانسەی کە یۆنسکۆ چاودێریی کرد بە ناوی " سیمیناری نیشتیمانیی پشتڕاستکردنەوەی رووپێوی پێشکەوتووی هایدرۆجیۆلۆجیی بۆ پەرەپێدانی ئاوی ژێر زەویی بەردەوام لە عیراق "قۆناغی یەکەم").

(تۆڕ و داتابەیسێکی نیشتیمانیی نوێی هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هایدرۆجیۆلۆجی بۆ عیراق) ناسراو بە ((geoFIA" (www.geo-fia.org") لە کۆبوونەوەکە راگەیەنرا و پێشبینیدەکرێت شارەزا عیراقییەکان بە بەردەوامی بەکاریبهێنن بۆ کۆکردنەوە و نوێکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر ئاوی ژێر زەوی چونکە وەك پلاتفۆرمێکی کارلێککەری سەر تۆڕی ئینتەرنێت اامەزراوە. هەروەها پێشبینیدەکرێت کەوا Geo-FIA پشتگیری لە دانانی ماستەر پلانی ئاو بکات و لێکۆڵینەوەی زانستی لە وڵات بەهێزتر بکات.

راگەیاندنی GeoFIA هەروەها گواستنەوەیە بەرەو دەستپێکردنی قۆناغی داهاتووی بەرنامەکە، کە دەستپێشخەرییەکی دوو ساڵەی ١٠ ملیۆن دۆلارییە و عەمبارەکانی ئاو لەژێر زەوی لە عیراق لەسەر نەخشە دیاریدەکات و تێگەیشتنی تەواو سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی پەرەپێدەدات.

لە وتاری دەستپێکدا ، سەرۆکی کۆمسیۆنی راوێژکاریی سەرۆك وەزیران و میوانداری هاوبەشی سیمیناری نیشتیمانی سامر غەزبان جەختی لەوە کردەوە کە دابینکردنی جێگیر و پارێزراوی ئاوی ژێر زەوی شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئاسایشی نیشتیمانیی عیراق. دابینکردنی داتای ئاسانکراو و نوێ و روون و زانستیانە بۆ بڕیاردەران هانی حکومەت دەدات بۆ بەکارهێنانی سیستەمێکی نوێ و هاوکاریکەر بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی. سامر داوای لە

بەنیازین درێژە بە پشتگیریکردنمان بدەین بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی عیراق و کارە یەکەمینەکانمان دروستکردنی توانایەکی گرنگ و پێویست بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە هەمیشە روو لە کەمییەکانی ئاو.“ یەکێتی ئەورووپی بڕی ٦٧٥.٠٠٠ دۆلاری بۆ یەکەم قۆناغی دەستپێشخەرییەکەی یۆنسکۆ دابینکردووە.

حکومەت کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشدار بکات و پارە بۆ پرۆژەی هاوبەشی وا دابین بکات کە کێشە سەرەکییەکانی وەك ئاو چارەسەر بکەن.

باڵوێزی یەکێتی ئەورووپی لە بەغدا بەڕێز یانا هاییاسکۆڤا پێشوازی لە هەوڵەکانی حکومەت و یۆنسکۆ کرد لە بەکارهێنانی سیستەمی چارەسەرکردنی ئاوی ژێر زەوی و وتی“ئێمە

کەسایەتیی تری پایە بەرز و نوێنەران و شارەزایانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی فێرکردنی باڵا بەشدارییان لە سیمینارەکە کرد.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە کەیسی وۆلسەر، یۆنسکۆ- بەشی زانستە سرووشتییەکان:
c.walther@unesco.org

## تەندروستی

# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی: بەرەو عیراقێکی بێ نەخۆشی ڕێخۆڵە و جگەر بەهاتنی ساڵی ٢٠١٣

نوسینی : روبا حیکمەت/ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی/عیراق




نەخۆشی ڕێخۆڵە و جگەر هێشتا بڵاوترین نەخۆشی جیهانە. سەرەڕای هەوڵی یەك سەدە بۆ کۆنترۆلکردنی، بە بەرهەمهێنانی دەرمانی زۆر کاریگەریشەوە لە هەشتایەکانی سەدەی رابروودا، کەچی نەخۆشییەکە هەر ماوە. زیاتر لە ٢٠٧ ملیۆن کەسی بێدەرامەتی جیهان لەو کۆمەڵگایانە دەژیەن کە ئاوی خاوینی خواردنەوە و پاکراگرتنی تەندروستییان نییە بۆیە ئێستا تووشی ئەم نەخۆشییە بوون و زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆنیش لە ٧٤ وڵاتی سەرتاسەری جیهاندا مەترسیی تووشبوونیان بە نەخۆشی پەتایی لێدەکرێت.

ئەم نەخۆشییە، کە بە بلهاریزیا یان تای قالکەجنۆکەش ناسراوە، بە هۆی کرمە مشەخۆرەکانەوە لە ئاوی پیس دروست دەبێت کاتێك لە ڕێگەی پێستەوە و لەئەنجامی بەرکەوتنی ئاوەکە خۆی دەخزێنێتە ناو لەشی مرۆڤ. لە ئەنجامدا، مرۆڤەکە تووشی نەخۆشی هەوکردنی درێژخایەن دەبێت لەگەڵ ئەنیمیا و بەدخۆراکی و سستی لە قوتابخانە و کاردا. هەرچەندە ڕێژەی مردنی کەمە بەڵام ئەم نەخۆشییە دوای مەلاریا دووەم نەخۆشی مشەخۆری تێکدەری کۆمەڵایەتی و ئابوورییە.

ئەم نەخۆشییە ئێستا روو لەکەمبوونە. لەسەرەتای نەوەدەکانەوە ژمارەی تووشبووان بە ١٤٦٩ مەزەندە دەکرا. حکومەت، بە یارمەتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لەریگەی بەرنامەی خۆپاراستن و کۆنترۆلکردنەوە لە شوێنە پڕمەترسییەکاندا هەنگاوی بەرەو بنبڕکردنی ئەم نەخۆشییە ناوە.

بەرنامەی نەخۆشییەکە چارەسەری دەرمانی و بەڕێوەبردنی ئاو و کۆنترۆلکردنی تای قالکەجنۆکە ( لەریگەی گۆرانکاری لە نشینگە و گۆڕانکاریی ئاودێری و رشاندن) و کۆنترۆلکردن یان چارەسەکردنی ئاوەڕۆ لەخۆدەگرێت. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەش ژمارەی حاڵەتەکانی ئەم نەخۆشییە لە ساڵی ٢٠١٠ تەنها ٥ بوو و لەساڵی ٢٠١١ش هیچ حاڵەتێك تۆمار نەکراوە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە کارکردنی لەگەڵ حکومەتی عیراق هەر بەردەوام دەبێت بۆ بنبڕکردنی ئەم نەخۆشییە بە پابەندبوونی بە گەیشتن بە عیراقێکی بێ نەخۆشیی ریخۆڵە و جگەر بە هاتنی ساڵی ٢٠١٣.

بۆ زانیاریی زیاترتکایە پەیوەندی بکەن بە د. بوسەینە غانم، شارەزای وواری درمی لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی / عیراق بە ئیمێلی gh-
anemb@irq.emro.who.int

## پەرەپێدانی شاری

# سیاسەتی زەویوزاری عیراقی لە سەکۆیکارێکدا

نووسینی : دایفێد ئوبرێی / هابیتاتی عیراق

بەپشتبەستن بە (راگەیاندنی بەرلین)ی کاریگەر لە ئاداری ٢٠١١، کە گرنگیی بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی زەوی بە شێوەیەکی کاریگەرانەی لە عیراق زەق کردوە، بەرنامەی عیراقی ڕێکخراوی (هابیتات)ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەکۆیکارێکی بۆ (کۆمەڵی کارکردن لەسەر چاکسازیی زەویوزار) لە رۆژانی ٣ تا ٥ی حوزەیرانی ٢٠١١ لە عەمان ڕێکخست و مەبەستیش لێی دروستکردنی پلانێکی کاربوو کە بتوانێت بۆچوونەکانی (بەرلین) بۆ (سیاسەتی نیشتمانیی زەوی لە عیراق) بگۆڕێت.

مەبەست لەم سەکۆیە ٣ رۆژییە بە تایبەتی گەیشتن بوو بە کدەنگییەك لەسەر راسپاردەکان سەبارەت بە سیاسەتی گەشەپێدانی زەوی و بەرزکردنەوەی توانای گەشەپێدانی بەشداربووە عیراقییەکان لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پێکهێنانی سیاسەتەکانی زەوی و بەشداربوونی پەیوەندیدارانەوە هەیە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە خۆبەخۆیەی کە ئەم رێوشوێنانە لەسەر سیاسەتەنیشتمانییەکانی تر هەیانە.

سەکۆیکارەکە، لەرێگەی ئەو تاوتوێیانەی سەبارەت بە بابەتە قورس و مشتومڕاوییەکان ئەنجامدران، توانی بەشدرابووان بخاتە بەردەم ئەزموونی تیمدروستکردن. لەلایەکی تریشەوە، لە کۆبوونەوەکە راوێژکارانی ڕێکخراوی هابیتات چەندان پەندی وەرگیراویان لە ئەزموونی جیهانی پێشکەش کرد کە دەکرێت لەسەر عیراقیش جێبەجێ بکرێن.

لەم سەکۆیکارە (کۆمەڵی کارکردن) ئامادە بوو کە گەورە بەرپرسانی ئەو وەزارەتانەی حکومەتی عیراق لەخۆدەگرێت کە بەرپرسن لە پێشکەشکردنی (سیاسەتی زەوی لە عیراق) ی کاریگەر و دڵنیابوون لەوەی کە سوودی عیراق و هاوڵاتییان لەوپەڕیدایە.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە (شارەزای نیشتەجێکردن و زەوی ) بەڕێز دایفێد ئوبرێی لە هابیتاتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئیمێلی dyfed.
aubrey@unhabitat.org

# لێکۆڵینەوە بۆ مەزەندەکردنی تەشەنەکردنی نەخۆشی سیل لە عیراق

نوسینی : سێڤیل هوسێنۆڤا/ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی / عیراق



لە کاتی سەردانەکەیان لە مانگی حوزەیران بۆ نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق، کارمەندانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کارتەکانی نەخۆشی سیل دەپشکنن . ( وێنە: WHO لە عیراق)

مەزەندەکردنی کاریگەریی نەخۆشی سیل لە عیراق بابەتی سەکۆیکارێکی نوسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بوو کە لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق لە ٢٩ی ئایار تا ٢ حوزەیرانی ٢٠١١ ئەنجامدرا.

(بەرنامەی نیشتمانیی کۆنترۆلکردنی سیل)ی وەزارەتی تەندروستیی عیراق، بە یارمەتیی تەکینیکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئێستا لە قۆناغی کۆتایی کارێکی مەیدانییەتی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی یەکساڵە لەسەر سیل لە ٨ پارێزگای دەستنیشانکراوی عیراقدا.

نەخۆشی سیل، کە ساڵانە تووشی ١٦٠٠٠ کەس دەبێت، یەکێکە لە گرفتەکانی تەندروستیی گشتی لە وڵاتدا. سەرەڕای کەمبوونی ئەم نەخۆشییە لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە بۆ ٢٠٠٧یش، کەچی هەمیسان روو لەزیادبونە. شایانی باسە، لە نێوان هۆکارەکاندا بەشدارنەبوونی تەواوی کەرتی تایبەت و گشتیی دوور لە (بەرنامەی نیشتمانیی کۆنترۆلکردنی سیل)ە لە چاودێریکردنی نەخۆشییەکە لەگەڵ کەمڕەوانەکردنی (نەخۆش) و کەم ئاگادارکردنەوەی (بەرنامەی نیشتمانیی کۆنترۆلکردنی سیل).

مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە بەشدارپێکردنی هەموو دەزگایەکانە، چ ئەوانەی سەر بە (بەرنامەی نیشتمانیی کۆنترۆلکردنی سیل)ن و چ ئەوانەش لەدەرەوەی ئەو بەرنامەیەدان، بۆ مەزەندەکردنی حاڵەتەکانی نەخۆشی سیل لە عیراق لە ساڵی ٢٠١١دا. کاری مەیدانیش کۆکردنەوەی داتا لەسەر نەخۆشی سیل دەگرێتەوە لە هەموو ئەو دەزگایانەی لەدەرەوەی ئەو(بەرنامە)دان لە ٨ پارێزگای دەستنیشانکراودا (دهۆك، سلێمانی، بەسرە، میسان، واسیت، نەجەف، دیوانیە). داتا کۆکەرەوەکان هەفتانە لەرێگەی سەردانی چاودێرییەوە لەسەر ئاستی شارۆچکە چاودێری پزیشکە بەشداربوو و تاقیگەکان دەکەن.

نێردەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کەسە دەستنیشانکراوە بەرپرسەکان لە هەر ٨ پارێزگایەکەدا بە چاکی لە پرۆتۆکولی لێکۆڵینەوەکە گەیشتوون و بە دروستیش جێبەجێیان کردووە. ئەمەش یارمەتیی عیراق دەدات لە بڕیاردانی سیاسەت و پێوانەکردنی کاریگەریی چالاکییەکانی کۆنترۆلکردنی نەخۆشی سیل و پێشڤەچوون بەرەوە (ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارە)ی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە د. سێڤیل هوسێنۆڤا لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی عیراق بە ئیمێلی huseynovas@irq.emro.who.int

خۆراك و کشتوکاڵ

# حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی (فاو) کار بۆ باشکردنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەن

نوسینی : موحەمەد رافیع، فاو / عیراق

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان تەرکیزی خستووەتە سەر گەشەدان بە توانای کەرتی کشتوکاڵ لە عیراق لە ڕێگەی توانای گەشەپێدان و دروستکردن هەلی کار. یەکێك لە ڕێگە سەرەتاییەکانیش بۆ ئەم مەبەستە (بەرنامەی پشتگیریکردنی رەخساندنی هەلی کار و گەشەکردنی کشتوکاڵی عیراق)ە کە بەرنامەیەکی وەبەرهێنەرانەیە. حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی (فاو) پشتگیریی دەستپێشخەرییە دووقۆناغییەکە ەوە دەکەن. قۆناغی یەکەم کاری دەستنیشانکردن و شیکارکردنی بەپەلە لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە گەشەکردنی کشتوکاڵ و رەخساندنی هەلی کار لە لادێیەکاندا و قۆناغی دووەمیش سیاسەت و ستراتیژی کشتوکاڵی نیشتمانی پێکدەهێنێت.

گەشەکردنێکی بەرچاویش لە بەدەستهێنانی پشتگیریی نیشتمانی بۆ پرۆژەکە دروستبووە و بووەتە مایەی هاندانی کۆدەنگی سەبارەت بە پێویستبوونی جۆراوجۆرکردنی ئابووری لەپێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانی عیراق لە ئایندەدا و هەروەها سەبارەت بەو دەورە گرنگەش کە کشتوکاڵ هەیەتی.

لە حوزەیران ٢٠١١ وەزارەتی کشتوکاڵی عیراق و ڕێکخراوی (فاو) بە هاوبەشی یەکەم کۆبوونەوەی وەزارییان بۆ (بەرنامەی پشتگیریکردنی رەخساندنی هەلی کار و گەشەکردنی کشتوکاڵی عیراق) لە بەیروتی لوبنان ئەنجامدا کە تێیدا گەورە بەرپرسانی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پلاندانان و سەرچاوەکانی ئاو دانیان بە دەوری گرنگی کشتوکاڵ نا لە دروستکردنی جۆراوجۆرکردنی ئابووری و رەخساندنی هەلی کار و دروستکردنی خۆشگوزەرانی لە عیراقدا.

شاندەکان رازی بوون لەسەر پێکهێنانی ( تیمی کاری وەزارەتەکان) و (بەشی پشتگیریکردنی ستراتیژ و سیاسەت) و لێژنەی ئاراستەکەر بەمەبەستی فەراهەمکردنی پێکهاتەی پێویست بۆ چاودێریکردن و ئاسانکردنی کاری بەرنامەی پشتگیریکردنی رەخساندنی هەلی کار و گەشەکردنی کشتوکاڵی عیراق).

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە موحەممەد رافیع حوسێن، بەرپرسی بەرنامە لە بەرنامەی عیراقی ڕێکخراوی (فاو) لەسەر ئیمێلی mohammad.raafi@faoiraq.org

## ماستەری پلانی پاشماوەی ڕەقی دهۆك بەكۆتاهات

ماستەر پلانی باشكردنی بەڕێوەبردنی پاشماوەی ڕەق لە پارێزگای دهۆك لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١١ بەكۆتا هات. دەستپێشخەرییەكە، كە پرۆژەیەكی (یونیسێف)ە و یەكییەتی ئەوروپی ١٠ ملیۆن دۆلار (٧ملیۆن یۆرۆ)ی بۆ دابین كردووە، بۆ گەشەدان بە كەرتی ئاو و پاكڕاگرتن لە عیراق داڕێژراوە.

پارێزگای دهۆك، كە دانیشتوانەكەی دەگاتە ٩٧٠٠٠٠ كەس، بە تێكڕایی ڕۆژانە ١٠٠٠ تەن زبڵی هەیە كە ئەمەش زیاتر ٣٠٪ لە پێوەری جیهانی بەرزترە. (ماستەرپلانی پاشماوەی ڕەق) دەبێتە مایەی خستنەرووی نەخشەیەكی وورد بۆ ڕێنماییكردن و هەماهەنگیكردنی هەوڵەكانی بڕیاربەدەستان و بەڕێوەبەران و ئەنجامدەرانی خزمەتی پاشماوەی ڕەق و بەرهەمهێنەرانی تایبەتی پاشماوەی ڕەقی و نوێنەرانی كۆمەڵگا و هاوبەشكارە گەشەسازییەكان و خەڵك بۆ تاوتوێكردنی گشت پێویستییەكانی پاشماوەی ڕەق لە پارێزگای دهۆكدا.

مەبەست لەمە خاوێنكردنەوەی گشت شار و كۆمەڵگاكانی پارێزگاكەیە لە ٥ ساڵی داديٚت بە داخستنی نزیكەی ٢٠٠ شوێنی نایاسایی فڕێدانی زبڵیشەوە لەگەڵ دەستنیشانكردنی ٣ شوێنی ڕەسمیی بۆ فڕێدانی زبڵ لە شوێنە زۆر جەنجاڵەكان لە ٥ تا ١٠ ساڵی دادێت و بەرهەمهێنانی كارەباش لە پاشماوە ڕەقەكان لە ١٠-٢٠ ساڵی دادێت.

وەك بەشێكیش لە پرۆژە ٣ ساڵییەكە، یونیسێف پێشتر ماستەر پلانێكی لەمجۆرەی لە پارێزگای بەسڕە تەواو كردبوو و ئێستاش لە پارێزگاكانی ئەنبار و زیقاڕ و سلێمانی و هەولێر سەرقاڵی گەشەپێدانی پلانی پاشماوەی ڕەقە.

## باشكردنی ستراتیژی نیشتمانیی ١٠ساڵەیی لەبەردەستدایە



كارمەندانی وەزارەتی تەندروستی چاودێری گەشەكردنی منداڵێكی عیراقی لە بەغدا دەكەن. (وێنە: وەزارەتی تەندروستیی عیراقی/بەغدا)

وەزارەتی تەندروستیی عیراق داوای پشتگیری لە ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان (ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی) و (یونیسێف) كردووە بۆ گەشەپێدانی ستراتیژی نیشتمانیی گشتگر و دانانی پلانی كار بۆ ١٠ ساڵی دادێت (٢٠١٢-٢٠٢١). مەبەستیش لە پلانەكە لەخۆگرتنی چەندان بواری جۆراجۆری خۆراكپێدانە وەك سیاسەتەكان و ستراتیژی خۆراكپێدانی دایكانە و كۆنترۆلكردنی قەڵەوی و ژەمەخۆراكی قوتابخانە و خەڵكی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئاسایشی خۆراك و سەلامەتی و كەمیی پێكهاتە خۆراكییەكان.

گەڵاڵەی ستراتیژەكە لەلایەن شارەزایانی ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە ئاسانكاری بۆكراوە و لەو كۆبوونەوەیەش خرایە ڕوو كە لە هەولێر لە ٢٤-٢٦ی تەموز ئەنجامدرا كە تێیدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی جیهانیی خۆراك، شارەزایانی ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی و یونیسێف و وەزارەتی تەندروستیی عیراقی بەیەك گەیشتن. ستراتیژەكە وەك هەنگاوێكی بەرەوپێشچوونە بۆ هاوبەشكارییەكی بەهێزتر لەناو كەرتی خۆراكپێداندا و هەروەها لە نێوان كەرتی خۆراكپێدان و كەرت و وەزارەتەكانی تردا. ئامانجە هاوبەشەكەش بریتییە لە باشكردنی ڕەوشی خۆراكپێدان لە نێوان گشت تەمەنەكاندا كە ئەمەش دەبێتە مایەی باشكردنی سەرتاسەری لە مانەوە و بەرەوپێشچوون و گەشەكردندا.

## نوێنەری تازەی كۆمیسارییای باڵای پەناهندەكانی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەغداد دەستبەكار دەبێت

نوێنەری تازەی كۆمیسارییای باڵای پەناهندەكانی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان خاتوو كلایرا بۆرگۆویس لەسەرەتای تەموزدا گەیشتە بەغداد. ئەو خاتوونە بەلجیكییە لە ١٧ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو ڕێكخراوە لە ئەفغانستان و چاد و كۆسۆڤۆ و ئەلبانیا و بوروندی و كۆماری كۆنگۆی دیموكراتی و لە هەرە دواترینیشیان لە یەمەن وەك نوێنەری كۆمیسارییای باڵای پەناهندەكانی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان كاری كردووە.

خاتو بۆرگۆویس، كە بە پیشە پزیشكە، یەكێكە لە دامەزرێنەرانی (پزیشكانی بێ سنوور) لە بەلجیكا لە سەرەتای هەشتاكاندا. ئەو لەگەڵ ئەو ڕێكخراوە لە تایلەند و كینیا و بەلجیكا كاری كردووە و بەمەش ئەزموونی چەند ساڵەی كاركردنی لەگەڵ پەناهندە و ئاوارەی ناوخۆ لەگەڵ خۆیدا بۆ عیراق دەهێنێت.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەكانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەكگرتووەكان یان یونامی بێت. بابەتەكان ئازادانە بڵاو دەكرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بكەن بە

unami-information@un.org

سەرۆكی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: ڕادیە عاشوری

سەرۆكی بەشی بڵاوكراوەكان: عائیشە بەسڕی

نوسیار: كرێستۆفەر سێسمانیك

مۆنتاجی وێنەكان: بیكەم ئەكبەرزادە

دیزان و گرافیك: سالار بریفكانی

**لیستی كورتكراوەی ناوەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان:**

لە عیراقدا ١٦ ڕێكخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان كار دەكەن: ڕێكخراوی خۆراك و كشتوكاڵی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان (FAO) و ڕێكخراوی كاری جیهانی (ILO) و ڕێكخراوی كۆچی جیهانی (IOM) و نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بو هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان UNDP و ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری- یونیسكۆ UNESCO و سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان (( UNFPA و بەرنامەی نیشتەجێكردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان (Habitat) و نوسینگەی كۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەنابەران (UNHCR) و سندووقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و ڕێكخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ گەشەپێدانی ژنان (UNIFEM) و نوسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هەماهەنگسازیی كاروبارە مرۆییەكان (UN OCHA) و نووسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ خزمەتەكانی پرۆژە - یونۆپس (UNOPS) و ڕێكخراوی خۆراكی جیهانی (WFP) و ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO ).

# نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاردا

وێنەکان: بیکەم ئەکبەرزادە

ڕێکخراوی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف) لەساڵی ٢٠٠٥ەو لەگەڵ هاوبەشکارەکانی لە باکووری عیراق بەردەوامەلەسەر پێشکەشکردنی (وشیاریی مین) لە قوتابخانەکان. شایانی باسە، زیاتر لە ١٥٠٠٠ منداڵ، کە ٦٠٠یان ئی ساڵی ٢٠١١ن، سوودیان لەم خولە هاوینییە بینیوە.

(دەستپێشخەریی خەستەخانەی دوستی منداڵی) لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی (تەندروستیی جیهانی ) و (یونسێف)ەوە لە ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پراکتیکانەی کە شیرپێدانی سروشتی دەپارێزن و گەشەی پێ دەدەن. ٣٢ خەستەخانە لەسەرتاسەری عیراقدا لەم دەستپێشخەرییەدا تۆمار کراون. ڕێکخراوی یونیسێف لە ساڵی ١٩٨٣ەوە لەوڵات دستبەکار بووە.




ئاشاوە لە پارێزگای دهۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق: قوتابییەکی قوتابخانەی ئاشاوەی سەرەتای یەکێکە لە سوودمەندانی بەرنامەی (فێرکردنی هاوینەی مەترسییەکانی مین)ی ڕێکخراوی یونیسێف لە گوندی ئاشاوە. دەستپێشخەرییکە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاری مین) و (ئاژانسی کوردستان بۆ مین)ەوە و لەسەر ئەرکی دارایی (بەرنامەی پاراستنی منداڵ)ی ڕێکخراوی یونیسێف جێبەجێ دکرێت. بەرنامەکە بە درێژایی پشووی هاوین بەردەوام دەبێت کەئەمەش جێگرەوەی فێربوونی جوان بۆ منداڵان پێشکەش دەکات.



ئەحمەدی لە پارێزگای دهۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق:دایکێك و کۆرپەکەی لە خەستەخانەی ئەحمەدین کە لەوێدا ڕێکخراوی یونیسێف (دەستپێشخەریی خەستەخانەی دوستی منداڵ) (BFHI) و ڕاهێنانی کارمەندان جێبەجێ دەکات. کاری یونیسێف لەسەرتاسەری عیراقدا پشتگیریکردنی حکومەتی عیراقە بۆ پەرەدان بە سیاسەتی دۆستایەتی منداڵ و دروستکردنی توانای ئەو دەزگایانەی کە خزمەتی بنەڕەتی پێشکەش بە منداڵان دەکەن و کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو جێبەجێکارەکانی ئەرکەکان بۆ تێگەیشتنی تەواویان لە مافەکانی منداڵانی عیراق.

ئاژانسی پەناهندەی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)، بەپشتبەستن بە هەڵسەنگاندنی پێویستییەکان، ساڵی یەکجار یارمەتی نەختی دەداتە خانەوادەی پەناهندەکان. لە هەولێریش، ئەم داراییە لە ڕێگەی (بنکەی هاوکاریی پاراستن)ی ئەو ڕێکخراوەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ (ڕێکخراوی فریاگوزاریی گشتی)، کە هاوبەشکاری جێبەجێکاری ڕێکخراکەیە، بەڕێوە دەچێت. لەساڵی ٢٠١١شدا، ١٣٣ خانەوادەی پەناهندە لەم سوودیان لەم بەرنامەیە بینیوە.



گردەچاڵ لە پارێزگای هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق: خانەوادەی عەبدولسەلام عەبدولعەزیز لەوەتی لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە ئێران رایان کردووە لە گردەچاڵ (شارۆچکەیەکی باکووری هەولێرە) گیرساونەتنەوە. ئەندامی، کە یەکێکە لەو خانەوادەیە، تووشی پەککەوتەییەك بووە کە خێزانەکەی کردووەتە شایستە بۆ وەرگرتنی یارمەتی دارایی لە بەرنامەی کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان.



گردەچاڵ لە پارێزگای هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق: پەروانە عەبدوڵڵا موحەممەد نەژاد لەوەتی خانەوادەکەی لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە ئێران رایان کردووە لە گردەچاڵ گیرساوەتەوە . پەککەوتەیی مێردەکەی بووەتە مایەی شایستەبوونی خانەوادەکەی بە وەرگرتنی یارمەتی دارایی نەختی لە بەرنامەی کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان.